# خاوەن مۆلیدەکانی خورماتوو سەرپێچی دەکەن

## قائیمقامی خورماتوو: هەر خاوەن مۆلیدەیەک کەم تەرخەم بێت بەسزای خۆی دەگات

**زەنگ-خورماتوو-هیشام عبدوالکریم:**

هاوڵاتیانی خورماتوو گلەیی ئەوەدەکەن کە خاوەن مۆلیدەکان کارەبا بەباشی نادەن وئیدارەی شارەکەش لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا ناکات لەبەرامبەر ئەوە قائیمقامی سزای ئەوخاوەن مۆلیدانە دەدان کە لەرۆژێکدا کەمتر لە ٨ سەعات کار بەمۆلیدەکانیان بکەن.

عەلی عوسمان کەفەرمانبەر لەیەکێک لە فەرمانگاکانی خورماتوو ئاماژە بۆ ئەوەدەکات کێشەی هاوڵاتیان لەگەڵ خاوەن مۆلیدەکان بۆ ئەوە گەراندەوە کە خاوەن مۆلیدەکان خشتەیەکی تایبەتیان نیە کە چۆن کارەبا بدەن بەماڵان وتیشی:"خاوەن مۆلیدەکان سەرپێچی زۆر دەکەن لەکاتی پێدان وبرینی کارەبا چەند جارێک ئیدارەی شار کۆبونەوەی بە خاوەن مووەلیدەکان کردووە بەڵام کەسی سزانەداوە لەسەر هەر سەرپێچیکردنێک یاخود ئەوسکاڵایانەی کەلەلایەن هاوڵاتیانەوە کراوە لەسەریان کاری پێنەکراوە".

ئەو فەرمانبەرە هێمای بۆ ئەوەکرد زۆرجار کارەبای نیشتمانی دێت ودەبرێت تەنها خاوەن مۆلیدەکان سود بەخش دەبن لەوبرینە، وتیشی:" داواکارم لەئیدارەی شاری خورماتوو خشتەیەکی تایبەت بە پێدان و برینی کارەبا بۆ مووەلیدەکان دابنرێت تا هاوڵاتیان کێشەیان نەمێنێت وزۆرجار خاوەن مۆلیدەکان مافی هاوڵاتیان دەخۆن لەپێدانی کارەبا".

رزگار عبدالرحیم پەیامنێری زاگرۆز تیڤی لە خورماتوو کێشەی مۆلیدەکانی گەراندەوە بۆ کەم تەرخەمی حکومەتی عێراق وتیشی:" تاوەکو ئێستا حکومەتی عێراق بیری لەوە نەکردۆتەوە کە تۆری کارەبایی خورماتوو وەکو شارو شارۆچکەکانی تری عێراق و هەرێم چاک بکاتەوە من هۆکاری سەرەکی دەگەرێنمەوە بۆ ئەوان ".

بەرێوبەری کارەبای خورماتوو وتی:" گەر بێت و بۆ هەموو عێراق ٢٤ سەعات کارەبای بۆ هاوڵاتیان دابین کرا ئەو کاتە لە خورماتوو لەبەر لاوازی کارەبا و تۆری کارەبای شارەکە دەتوانین لەماوەی ٢٤ سەعاتدا تەنها ١٢سەعات کارەبا دابین بکەین بۆ هاوڵاتیانی خورماتوو".

بەرێوبەری کارەبای خورماتوو ئاماژەی بۆئەوەکرد سەبارەت بە کێشەی هاوڵاتیان وخاوەن مۆلیدەکان هۆکارەکەی لەبەرئەوەیە کە خاوەن مۆلیدەکان ترسیان نیە چونکە هیچ یاسایەک نیە لەخورماتوو کە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکات بۆیە بە ئارەزوویی خۆیان کارەبا بە هاوڵاتیان دەدەن.

ئەحمەد وەلی دەروێش هاوڵاتی تەمەن ٤٥ ساڵ وتی:" بۆ هەر ئەمپێرێک کارەبا ١٠ هەزار دینار دەدرێت بەخاوەن مۆلیدەکان کەچی بەهەوەسی خۆیان کارەبا دەدەن بەهاوڵاتیان وهیچ لێکۆڵینەوەیەکیان لەگەڵدا ناکرێت لەلایەن ئیدارەی شارەوە ، بۆیە هاوڵاتیان تەواو بێزاربوینە".

ئەو هاوڵاتیە ئاماژەی بۆ ئەوەکرد ئەوەندە باسی کێشەی مووەلیدەکان دەکرێت رۆژانە لە رادوێیی گەلی کوردستان بەڵام هەر بێ سودە خراپتر دەبێت چاکتر نابێت، تەنها هاوڵاتی زەرەرمەندە دەبێت لەکاتێکدا بەخاوەن مووەلیدەکان دەڵێین بۆچی کارەبا بەباشی نادەن بەماڵان لەبەررامبەردا یەک دونیا پاساو دێننەوە و هۆکارەکەی دەخەنە سەر ئیدارەی شار بۆیە پێویستە ئیدارەی شارلێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکات بۆ ئەوەی بەباشی کارەبا بدەن بەهاوڵاتیان، تا هاوڵاتیانیش گلەییان نەمێنێت .

بورهان عومەر ئەحمەد خاوەن مووەلیدەیە لە قەزای خورماتوو سەبارەت بە هەموو ئەو کێشانەی کە هاوڵاتیان باسیانکردوە وتی:" سەبارەت بە پێنەدانی کارەبایی مووەلیدە لە کاتی خۆیدا ئەوە رەت دەکەمەوە ودوورە لەراستیەوە من لە بارەی خۆمەوە قسەدەکەم جاری واهەیە بەزیاد یشەوە کارەبا بەهاڵا تیان دەدەم، دەبێت هاوڵاتیان بە ویژدانەوە قسە بکات هەموو خاوەن مۆلیدەیەک وەکو یەک نیە لە پێدانی کارەبا بەماڵان، حەزدەکەم ئەوەش بڵێم چەند جۆرێکی مۆلیدە هەیە ئەوەی من جۆری ئۆراڵە دوو کەوەرە و شەش پیستمە، لە یەک سەعاتدا ٢٢ لەیتر گاز سەرف دەکات".

ئەو خاوەن مۆلیدەیە ئاماژەی بۆئەوەکرد نارەزایی هاوڵاتیان هەرگیز تەواو نابێت هەرچەندە ئەوان لە زۆرکاتدا مافی خۆیانە دەنگ بەرزکەنەوە بەڵام ئێمە بەرانبەر هەرئەمپێرێک ١٠ هەزار دیناری عێراقی لە هاوڵاتیان وەردەگرین مۆلیدەکەمان ٣٢٠ ئەمپێری هەیە ئێمەش داواکارین هەیە لە حکومەتی شار سوتەمەنیمان بۆ زیاد کەن و کێشەکان هەمووی کەمی سوتەمەنیە ، لە هاویناندا ئێمە ١٥ تا ٢٠ بەرمیلی نەوت سەرف دەکەین بۆ مۆلێدەکانمان.

محەمەد رەشید قائیمقامی خورماتوو سەبارەت بەکێشەکە وتی:" سەبارەت بە کۆبوونەوە و بەڵێندان بۆ زیادکردنی سوتەمەنی ،چەند جارێک ئەوەمان بە خاوەن مووەڵیدەکان راگەیاندووە بەشیان وەکو بەشی پارێزگای کەرکوک دەبێت ،واتا چەند لیتر درا بە خاوەن مۆلیدەکانی کەرکوک ئەوە ئەوەندەش دەدرێت بەئەمان ، لەلایەن نرخەوە ٩ هەزار دینارمان بۆیان داناوە کە وەریبگرن لەهاوڵاتیان ، بەڵام هەندێکیان پاپەند دەبن بەو بریارەوە و هەندێکی تریان پابەند نابن".

قائیمقامی خورماتوو ئاماژەی بۆئەوەکرد هەر هاوڵاتییەک سکاڵە بکات لەسەر هەر خاوەن مۆلیدەیەک ئەوا ئەو خاوەن مۆلیدە ئەگەر کەمتەرخەم بێت بەسزای خۆی دەگات وتیشی:" دەبێت مسەرجەم مۆلیدەکان لەرۆژێکدا ٨سەعات کار وکارەبا بدات بەهاوڵاتیان ، بەپێچەوانەوە ئەو خاوەن مۆلیدەیە سزا ئەدرێت کە پابەند نەبووە پێیی ".


یەکێک لە مۆلیدەکانی خورماتوو

## ١٥٠ خانووی پلاستیکی لەناحیەی سەرقەڵا دانرا بۆ بەرهەمهێنانی بەروبوومی کشتوکاڵی

**زەنگ -کفری- هەردی جەمال:**

کۆمپانیای هۆزان ١٥٠ خانووی پلاستیکی لەسنوری ناحیەی سەرقەڵا دانا بۆبەرهەم هێنانی کشتوکاڵی ولەماوەیەکی نزیکدا ٥٠٠ خانووی تر دادەنرێت.

ئیبراهیم ئەحمەد بەرێوبەری کۆمپانیای هۆزان وتی:" وەکو قۆناغی یەکەم ئێمە وەکو کۆمپانیای هۆزان هەستاین ١٥٠ خانووی پلاستیکمان لەسنوری ناحیەی سەرقەڵا دانا و بۆ بەرهەم هێنانی بەرووبوومی کشتوکاڵی لەوانە خەیار وتەماتە وشوتی وکاڵەک هتد ، تائێستا بەرهەممان تەماتەیە و رۆژانە ٧ بۆ ٨ هەزار کیلۆ بەرهەممان هەیە و لەرۆژانی تریش بەرهەمەکانی ترمان پێداگات وئەوانیش دەکەونە بازارەکانەوە، وتیشی: بەرهەمەکانمان جگە لە کفری وکەلار بەرهەممان بۆ دهۆک وسلێمانی وهەولێر دەگات و رۆژانە ٣٠٠ بۆ ٤٠٠ کیلۆ بەرهەمەکان زیاتر دەبێت و ئەمەش سودێکی باشی دەبێت بۆ ناوچەکە بەرهەمی کشتوکاڵی لەبازار زۆردەبێت".

باسی لەوەکرد قۆناغی دووەمی دانانی خانووی پلاستیک لەماوەیەکی تر دەست پێدەکات ئەویش ٥٠٠ خانووی پلاستیکی ترە.

قادر فاتح وەیس سەرۆکی شارەوانی ناحیەی سەرقەڵا ئاماژەی بۆ ئەوەکرد دانانی ئەو ١٥٠ خانوو پلاستیکە بۆ بەرهەم هێنانی کشتوکاڵ کارێکی باشە وسودێکی باشی دەبێت بۆ سنورەکە بۆ بەرهەم هێنانی بەرووبوومی کشتوکاڵی وەک خەیار وتەماتە وهتد.. دواتر لەبازارەکان دەفرۆشرێت.

## پەروەردەیەکی تایبەتی نییە بۆسەرپەرشتی کردنی خوێندنگە کوردییەکانی خورماتوو

**زەنگ- کفری- دیار:**

زیاد لە ٦ هەزار خوێندکار بەزمانی کوردی لەخورماتوو دەخوێنن، بەڵام تائێستا پەروەردەیەکی تایبەتی نییە بۆ سەرپەرشتیکردنی خوێندنگا کوردیەکانی خورماتوو.

تارق محەمەد خلیل جێگری یەکێتی مامۆستایانی کوردستان کەرتی خورماتوو وتی:" لەدوایی رووخانی رژێمی بەعس خوێندن بەزمانی کوردی لەخورماتوو دەستی پێکرد و رۆژ بەرۆژ خوێندن بە زمانی کوردی پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینی و تا ئێستا ١٥ خوێندنگای سەرەتایی و ٨ خوێندنگای ناوەندی ودواناوەندی لە خورماتوو هەیە".

ئاماژەی بۆئەوەکرد زیاد لە ٦ هەزار خوێندکارمان هەیە وتائێستا پەروەردەیەکی تایبەتیمان نیە بۆ سەرپەرشتیکردنی خوێندنگا کوردیەکانی خورماتوو، بەڵام پەروەدەی گشتی خورماتوو سەرپەرشتی سەرجەم خوێندنگا عەرەبی وتورکمانی وکوردیەکان دەکات، پێویستە پەرودەی کوردی بکرێتەوە لەقەزاکە.وتیشی:" حکومەت هەرێمی کوردستان ساڵانە کتێبی کوردیمان بۆدابین دەکات و بەسەر سەرجەم خوێندنگا کوردیەکان دابەش دەکرێت و چەندین جار داوای ئەوەمان کردووە کە پەروەردەیەکی تایبەت بە خوێندنگا کوردیەکان بکرێتەوە، تائێستا نەکراوەتەوە".

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە قەزای خورماتوو ئاماژەی بۆ ئەوەکرد لەپێش رووخانی رژێم خوێندن بەزمانی کوردی قەدەغەبوو ، بەڵام لەدوایی پرۆسەی ئازادی عێراق خوێندن بەزمانی کوردی لە خورماتوو گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە وکراوەتەوە کەچی تائێستا پەروەردەیەکی تایبەت نیە بۆ سەرپەرشتی کردنی خوێندنگا کوردیەکان و رۆژ لەدوایی رۆژ رێژەی خوێندکارن زیاد دەکات وخوێندنگای زیاتر دەکرێتەوە پێویستە هەوڵێکی جیدی بۆ بدرێت بۆ کردنەوەی بەرێوبەرایەتیەکی پەروەردە بەزمانی کوردی لە خورماتوو تا کێشەی پەروەردەی نەمێنێت .


خوێندنی کوردی لەخورماتوو

## هێشتا چەکدارە توندرەوەکان لەناوچەکەدان

# مژدەی چاکەی ٢ لەقەرەتەپە کۆتاییپێهات


مژدەی چاکەی ٢ لەقەرەتەپە

**زەنگ- قەرەتەپە- هەردی:**

ئۆپەراسیۆنی مژدەی چاکەی ٢ لەسنوری ناحیەی قەرەتەپەو دەوربەری کۆتاییپێهات و لەو ئۆپەراسیۆنەدا ژمارییەک چەکداری توندرەو دەستگیردەکرێن .

محەمەد رەمەزان جێگری لێپسراوی کۆمیتەی ناحیەی قەرەتەپە ئاماژەی بۆئەوەکرد ماوەی ٢٠رۆژ دەبێت ئۆپەراسیۆنی مژدەی چاکەی ٢ لەسنوری پارێزگای دیالە دەستپێکردووە بۆدەستگیرکردنی ئەو چەکدارە توندرەوانەوداواکراوانەی کەناویان هاتووە وتیشی:" ئۆپەراسیۆنەکە لە ناحیەی قەرەتەپە بە ٢ فەوجی سوپای عیراق و هێزەکانی هاوپەیمانان بە هاوکاری لیوای ٣٤ گەرمیان بەرێوەچوو کە لەو ئۆپەراسیۆنە ژمارەیەکی زۆر گومانلێکراو وچەکدارە توندرەو لەسنوری ناحیەی قەرەتەپە دەستگیرکراون وسەرجەمیان بۆ باعقووبە گواسترانەوە".

باسی لەوەکرد کۆتایی بەئۆپەراسیۆنەکە هات لەسنوری ناحیەی قەرەتەپەو ئەو ٢ فەوجەی سوپای عیراق کە ماوەیەکە نیشتجێبوونە لەقەرەتەپە لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان بەرەو ناحیەی سەعدیە ودەوروبەری بەرێکەوتن وئێستا ئۆپەراسیۆنەکە لەوێ بەردەوامە.

سەرچاوەیەک لەپۆلیسی قەرەتەپە وتی:" لەگەڵ دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنەکە چەکدارە تونرەوەکان زیاتر کەوتنە جموجۆڵەوە لەسنوری ناحیەی قەرەتەپە و چەند کەسێک بوونە قوربانی، نەدەبوایە بەئاسانی ئۆپەراسیۆنەکە کۆتایی پێبهاتایە بەڵکو لەتیرۆر پاکبکرایەتەوە ئەوکات سنورەکەیان بەجێبهێڵایە چونکە هێشتا چەکدار توندرەوەکان لەسنورەکە خۆیان حەشارداوە و ماوەی جارێک دەردکەون وکاری تیرۆریستی ئەنجام دەدەن ودواتر هەڵدێن بۆ گوندەکانی دەوبەری قەرەتەپە وتیشی:" هاوڵاتیان ناتوانن بەئارەزووی خۆیان بجوڵێنەوە ودەترسن لەوەی لەلایەن چەکدارە توندرەوکانەوە تیرۆر بکرێن یاخود برفێنرێن بۆ جێگایەکی نادیار بۆیە ناوچەکە هێشتا پێویستی بەچاودێری هەیە وپێویستە ریگای